www.kurdistannet.org
4-10-2006 22:12بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لە پێناوی راستیدا نەک چنارخان .. وەڵامی کوڕە شەهیدێکی هەڵەبجەیی بۆ نووسەرە هەڵەبجەییەکان... ! ڕێدار ئەحمەد

--redarus@yahoo. com

لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا چەند نووسەرێك کەهەندێکیان هەڵەبجەین بەرانبەر گوتەیەك کەلەسەر زاری خاتوو چنار سەعد عەبدوڵای وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان گوێزرابووە و بڵاوکرابووەوە هێرشێکی توند کرایە سەر خاتوو چنار، بەخوێندنەوەی زۆرێك لەو رەخنانەدا دیارە کەشەڕ بە کۆنە قینەوە دەکەن ئەگینا دەبوو بوارێکیان بۆ لێککەیشتن لە خاتوو چناردا بهێشتایەتەوە و ئەوەیان لە پێش چاو بووایەکە تاکە وەزیرێکی ئافرەتی نێو کابینە نوێیەکەی حکومەتە و تاکە گەنجێکە ئەو پۆستەی وەرگرتبێت و لە خانەوادەیەکە بەشداریی دیارییا لە خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەماندا هەبووە، جگە لەوە ئەو قسەیەی گوایە وتبێتی شەهیدانی هەڵەبجە بە (سوودفە) شەهیدبوون لەسەر زاری کەسێکی دیکەوە گوێزراوەتەوە و ئەگەر ئەوە زۆرە کە وانەبێت و مەبەستی شتێکی دیکە بوبێت و بەهەڵە لێکدرابێتەوە، باشە سبەینإ ئەو کەسەی قسەکەی گوازتۆتەوە هاتوو داوای لێبوردنی کرد کەهەڵە بووە ئەو نووسەرە بەڕێزانە چی دەڵێن، پاشان چنارخان کەسێکی هێندە خۆبەگەورەزان و داخرا و نیە وەڵام نەداتەوە من بە تەلەفۆنکردنێك وەڵامی ئەو قسانەم لەزاری خۆیەوە وەرگرت و بەڕێزیشیان بەجوانی مەسەلەکەی روونکردەوە، من کە ئەم وشانە دەنووسم تائێستا لەنزیکەوە ئاشناییم لە گەڵ خاتوو چناردا نیە، کوڕە شەهیدێکی هەڵەبجەشم کەتائێستا تەرمی باوکم دیار نیە، رۆژنامەنووسێکم جگە لە پەیامنێری رۆژنامەی ئاوێنە بەرپرسی نووسینگەی هەولێری رۆژنامەی کۆمەڵم، واتە کەسێکی دوور لەبواری رۆژنامەنووسی نیم و ئاگام لەدونیای رۆژنامەنووسی هەیە، بۆیە زۆر بەداخەوە ئەو کەسانە قەڵەمی تیژیان خستەگەڕ بۆ دژایەتی ئەم وەزیرە لەکاتێکدا پێویستی دەکرد هەمووان هاریکاری بکەین، بەتایبەت ئێمەی رۆژنامەنووسانی هەڵەبجەیی، تا ئەگەر کەسێك هەڵەیەکیشی ئەگەر کرد نووسینەکانمان بە ئاراستەی راستکردنەوەیدا بێت و دەروازەی گفتوگۆ بکاتەوە نەك هەموو دەروازەکانی لەیەکگەیشتن دابخات.